# کۆمپیوتەرێکی لاپ تۆپ کە داهێنانێکی گەورەی تێدایە



سڕینەوەی داتا و فایلەکان لەکاتی تێکچوونی کۆمپیوتەردا هەمیشە ترس و دڵەخورپەی خستۆتە سەر ئەو کەسانەی کە کۆمپیوتەر بەکاردێنن ,گەلێک جاران بەهۆی تێکچوونی کۆمپیوتەر ئیدی بەرهەمی ڕەنج و ماندووبوونی کەسێک بەتەواوی سڕاوەتەو ڕەنج بەخەسار بووە. بەڵام کۆمپانیایەکی هیندی بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو گرفتەدا توانیویەتی کۆمپیوتەرێکی لاپ تۆپ بەرهەم بهێنێ کە لە ماوەی کەمتر لە دەقیقەیەکدا زانیارییەکانی سەر کۆمپیوتەرەکە بگەڕێننەوە.

لەو لاپ تۆپە کە سەر بەزنجیرەی لاپ تۆپەکانی HCLە تەکنەلۆژییەکی تێخراوە بە شێوەیەکی بەردەوام پرۆگرام و داتاکانی بەکارهێنەران لەخۆیدا خەزن دەکات لەکاتی تێکچوونی کۆمپیوتەردا یان ئەگەر بە هەڵکەوت داتاو فایلەکان بسڕێنەوە , بەکارهێنەر دەتوانێ زانیارییەکان لە دەقیقەیەکدا بگەڕێنێتەوە و درێژە بەکارەکەی خۆی بدات.

## فلاش میمۆرییەک کە نە بە زەربە نە بە گەرما و سەرما و ئاو تێک ناچێ




کۆمپانیای Corsair memory کە یەکێک لە بەناوبانگترین کۆمپانیای بەرهەمهێنەری کەرەسەی خەزن کردنی داتایە وەک فلاش میمۆری و هاردی دەرەکی کۆمپیوتەر (هارد خارجی) ئەم ماوەیە رایگەیاند کە "پتەوترین" فلاش میمۆری بەرهەم هێناوە.

ئەو فلاشە کە دوو شێوەی ٨ گیگابایتی و ٤ گیگابایتی هەیە، لە ئەلۆمینۆمێک دروست کراوە کە فڕۆکەی لێ دروست دەکرێ، لەگەڵ ئەوەشدا لە قوڵایی دەریاکانیش تێک ناچێ و بکەوێتە ژێر ئۆتۆمبێلیشەوە هیچی لێ نایە، لەگەڵ ناخۆشترین کەش و هەواش دەگونجێ، واتە لە گەرمترین شوێنیش هیچی لێنایە.

## رکابەری نێوان گوگل و یاهوو بەردەوامە

کۆمپانیای گوگل بە وەڕێخستنی خزمەتگوزارییەکی نوێ کە بە Google image labeler ناسراوە، ئاکامی دۆزینەوەی وێنەکان زۆر بەرەو پێش بردووە.

لەکاتێکدا کە کۆمپانیای یاهوو بە تەرخانکردنی بودجەیەکی زۆر و هەروەها پشتیوانییەکی زۆر کە لەلایەن کۆمپانیای دۆزەرەوەی وێنە flickr لێیدەکرێ ویستوویەتی یەکەمی گۆڕەپانەکە بێ، بەڵام گوگل هەوڵیداوە بەو خزمەتگوزارییە نوێیە وەک هەمیشە لە پێشەوەدابێ.

کۆمپانیای گوگل هەوڵدەدات سەرنجی بەکارهێنەران زیاتر لە جاران بۆلای خۆی رابکێشێ، بۆ ئەم مەبەستە گەمەیەکی کۆمپیوتەری نوێی هێناوەتە بەرهەم کە هەر کاتێک بەکارهێنەرێک وێنەی ئۆتۆمبێلێک دۆزیەوە، کۆدی لەسەر دابنێ تاکو بتوانێ دواتر بیدۆزێتەوە. هەر بەکارهێنەرێک ماوەیەکی بۆ داندراوە کە ئەو ئۆتۆمبێلەی دەیدۆزێتەوە ڕەنگی بکا، هەرکەس لەوماوەیەدا ئۆتۆمبێلی زیاتری ڕەنگ کرد وەک سەرکەوتوو دەناسرێ.

کۆمپانیای گوگل رایگەیاند بەو سەرکەوتنەی کە لەو ماوەیەدا بەدەستی هێناوە توانیویەتی لە جیهانی ئەنتەرنێتدا لە سایتی یاهووی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت پێش بکەوێت.

خاڵی باشی ململانێی دوو کۆمپانیا لەوەدایە هەتا ئەو ان لە رکابەری یەک دابن بەکارهێنەرانی ئەنتەرنێت لە جیهاندا زیاتر سوود لە ئەنتەرنێت وەردەگرن.






# لە دزی کردن مەترسن، مۆبایلەکەتان هۆشیارە




هەر رۆژەی ئاگادار دەبین کە توانایەکی نوێ لە هاندەکانی مۆبایل زیاد کراوە، پاش دانانی کامێرای دیجیتال، ئامێری MP3 Player, ڤیدیۆ PDA, لەسەر هاندەکان، ئێستاکە مۆبایل وای لێهاتووە وەک پاسەوان ئاگاداری لە ماڵەوەتان دەکات.

بنکە توێژینەوەکانی زانستی IT خەریکی لێکۆڵینەوە لەسەر سینسۆرێکن کە لە هاندی مۆبایل تاکو چوارچێوەی ماڵەوە وەک دەرگاکان و پەنجەرەکان بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی و هەرچەشنە جوڵەیەک یا خشپەیەک تۆمار دەکا و جەرەسی مەترسی لێدەدا.

لە هەنگاوێکی نوێتردا، بڕیار وایە تەکنەلۆژیای Closed Circuit TVلە هاندەکانی مۆبایل زیاد بکرێ، بە سوود وەرگرتن لەو تەکنەلۆژییە دەکرێ لە هاندەکانی مۆبایل وەک کامێرایەکی شاراوە، سوودی لێوەربگری. هۆکاری بچووک بوونی ئامێری مۆبایل وای کردووە کە لەمەودوا کرداره ئەمنییەتەکانیش بەو ئامێرە بسپێرن.

## تەکنەلۆژیای نانۆ و بەرهەمهێنانی MP3 player یەکی تایبەت

زانایانی شارەوا لە تەکنەلۆژی نانۆ توانیویانە بە سوود وەرگرتن لەو تەکنەلۆژییە MP3 Player یک بەرهەم بێنن کە بە YP-T9 ناسراوە. ئەو MP3یە دوو مۆدێلیان هەیە، دوو گیگابایتی و چوار گیگابایتی. بەجۆرێک دروست کراوە کە زۆر بە سانایی لە پەنجەکانی دەستدا جێگای دەبێتەوە. ئەو MP3 هەروەک MP3 یەکانی دیکە دەتوانێ دەنگ تۆمار بکا، وێنە و فیلم بخوێنێتەوە و گەمەی پێ بکرێ و رادیۆی FMیشی هەیە، جگە لە توانایانە دەکرێ فایلەکانی ڤیدیۆیی بگۆڕێت بە فایلی MPEG4بەهۆی ئەوەی کە لە دروستکردنی ئەو ئامێرەدا لە تەکنەلۆژیای نانۆ سوود وەرگیراوە لە هەموو MP3 یەک خێرایی زیاترە.



## رۆژنامەکان لەسەر مۆبایل بخوێننەوە



کۆمپانیای Cellsigns پرۆگرامێکی بەرهەم هێناوە کە دەتوانی بەهۆی ئەو پرۆگرامە رۆژنامەکان لەسەر مۆبایلەکەت بخوێنیەوە. ئەو پرۆگرامە بۆ ئەو کەسانە بە سوودە کە لە ماوەی کاری رۆژانەیان دا کاتی ئەوەیان نییە چاو بە هەواڵی رۆژنامەکاندا بخشێنن، یان ئەوانەی کە هەمیشە لە گەشت و گەڕاندان.

تایبەتمەندی باشی ئەو خزمەتگوزارییە بە بەراورد لەگەڵ رۆژنامەی کاغەز لەوە دایە، کە شوێنێکی کەم دەگرێ بۆ هەموو شوێنێکی دەگونجێ، بەڵام خاڵی لاوازی ئەو خزمەتگوزارییە ئەوەیە وەک کۆمپیوتەر دەچێ، چونکە خوێندنەوەی رۆژنامە لەسەر کۆمپیوتەر ئەو چێژەی نییە کە لەسەر وەرەقە هەیەتی، هەروەها رۆژنامەکان بۆ هەمیشە لەسەر مۆبایلەکە نامێننەوە.

# تایبەتمەندییەکانی سایتێکی سەرکەوتوو چییە؟



لەم مانشێتەی سەرەوە دەردەکەوێت کە ئەم بابەتە پەیوەندیی هەیە بەهەموو کەسێکەوە، ئەوانەی کە خاوەن سایتن و دەیانهەوێ سایتەکان وەک باشترین سایت سەیر بکرێ، بەتایبەت سایتە زانیاری بەخشەکان وەک سایتی رۆژنامە و گۆڤار و رۆژنامە ئەلکترۆنییەکان..

زۆر سایت هەن هەر لەسەرەتای دروستبوونیانەوە هیچ گۆڕانێکیان لەخۆیاندا پێکنەهێناوە. ئێمە باس لەو سایتانە ناکەین و قەتیش پێشنیار ناکەین سایتێکی وا دروست بکەن کە گۆڕانی بەسەردا نەیەت. ئێمە باس لەو سایتانە دەکەین کە بەردەوام بەباتی نوێ نوێ دەبنەوە. وا لە بینەر دەکەن کە هەرکە چوونە سەر ئەنتەرنێت ئەو سایتە بکەنەوەو ئەگەر نەشی کەنەوە وەک ئەوەی کە ئەم رۆژە ئەنتەرنێتیشیان نەکردبێتەوە.

لێرەدا چەند خاڵێک پێشنیار دەکەین بۆ ئەوەی کە سایتەکەتان وەک سایتێکی باش بێت.

* پرۆسە دانان بۆ چیای سەهۆڵ

سەیرکردنی هەر سایتێک وەک سەیرکردنی چیایەک لە سەهۆڵە کە لە زەریایەکدا بێ. واتە تۆ کە سایتێک دەکەیەوە وەک ئەوە وایە لوتکەی کێوەکە ببینی، ئەوەی تر لە ژێر ئاودایە. بەڵام بابێینە سەر ئەوەی کە لە ژێر ئاودایە.

– ئامانجتان لە هەبوونی سایتێکی تایبەت بەخۆت چییە؟

– ئەوانەی سەر لەوسایتە دەدەن کێن، واتە ئەو سایتەی تۆ بۆ چ توێژێکە.

– لە چ جۆرە میلەیەک یان چ جۆرە ئامرازێک بۆ گەڕان لە سایتدا کەڵک وەردەگری؟

– تا چ رادەیەک سایتەکەت وێنەی تێدایە؟

– لە سایتەکەتدا کەڵک لە چەند زمان وەردەگری؟

هەموو ئەوانەی کە باسم کردن دەبێ خاڵ بە خاڵ بۆ پرۆگرام دانەران و دارێژەرانی سایتەکەی خۆت باس بکەی.

بۆ ئەوەی کە سایتەکەت سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆی رابکێشێ پێویستە لەو شتانەش خۆ بپارێزی.

– سایتەکەت هیچ دەقێکی جۆڵەداری تێدا نەبێ، لە دانانی فایلی وێنەیی جوڵەدار Animated Gif خۆبپارێزە.

– لەو پەنجەرە بچووکانە کەلەسەر شاشە دەردەکەون و ئێمە پێیان دەڵێین pop-up سوود وەرمەگرە.

– لە سەرەتاوە بڕیار بدە کە لاپەڕەکەت بێ مەبەست قەرەباڵغ مەکە پێویست ناکات سایتەکەت ببێتە بازاڕی شێخەڵڵا.

– ئەوەندەی پێت دەکرێ سایتەکەت ئەو موزیکەی کە ئۆتۆماتیکی پێدەبێ تێیدا نەبێ.



– زانیاری پەیوەندار بە پەیوەندی لەگەڵ سایتەکەتانcontact info دەبێ لە شوێنێکی گونجاو بێ و هەروەها ئەو لینکانەی کە پەیوەنداره بە زانیاری ناو سایتەکەتان.

– کارێک بکە کە بەکارهێنەر بتوانێ لە هەر شوێنێک لە سایتدابێ بەیەک کلیک بگەڕێتەوە بۆ لاپەڕی یەکەمی سایت home page.

-هەوڵبدە میلە یان ئامرازی گەڕان لە سایتدا لە هەموو لاپەڕەکانی سایتەکەت دابنێ. ئەو مەسەلەیە زۆر گرنگە، بە ئاسانی گەڕان لە سایتدا واتە زووتر گەیشتن بە مەبەست.

– بەڵام ئەوەی لە هەمووشتێک گرنگترە لە سایتدا، لینک بدە، واتە لینکی سایتی دیکە بدە ئەگەر دەکرێ، بە چەند وشەیەک پێناسەیەکی ئەو سایتە بکە. لینکەکان باشترە بە رەنگی شین بنووسرێن و لەژێریشیان هێڵێک هەبێ.

– هەمیشە لینکەکانیش تێست بکە، رەنگە ئەو لینکەی تۆ داتناوە واتە ئەو سایتەی تۆ لە سایتەکەی خۆتدا لینکت بۆ کردووە، نەمابێ یان ئەو بابەتانەی کە تۆ باسیان لێوە دەکەی لایدابن، بۆ بەردەوام لینکەکان تێست بکە.

– مێژووی نوێکردنەوەی سایتتان لە هەموو لاپەڕەکاندابێ. ئەوە وادەکات خوێنەری سایتەکەت تێبگا کە کەی ئەو سایتەت نوێ کردۆتەوە.

– هیچ کات باکگراوندی رەنگی بەکارمەهێنە، سایت باخچەی ساوایان نییە تاکو بەو رەنگانە بیڕازێننەوە.

– قەوارەی لاپەڕەکانی سایتەکەتان ٧٧٠ پیکسیل بێ باشە.

ئەوانە چەند خاڵێک بوون بۆ دروستکردنی سایتێکی باش بە سوودن. لە ژمارەکانی داهاتووشدا باس لە چۆنییەتی سایتێکی باش دەکەین.



ناساندنی پرۆگرامێک

# poser7 تایبەت بە دروستکردنی ئەنیمەیشن

یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکان لە دروستکردنی ئەنیمەشن و وێنەی جولەدار، داڕشتنی چوارچێوەو فۆرمی کەسایەتییەکانە، دروستکردنی کەسایەتییەک جا مرۆڤ بێ یان گیانلەبەرێکی دی ئەرکێکی گرانەو، پێویستی بە وردبینییەکی زۆر هەیە، مۆدێلە سێ لایەکان دەبێ بە جۆرێک دابڕێژرێن کە بتوانرێ تەواوی جۆڵەکان بە شێوەیەکی زۆر نزیک لە دنیای واقیعی بێن، بە جۆرێک کە بینەر لەگەڵ دیمەنە راستییەکە هەستی پێ نەکا.

پرۆگرامی poser ڤێرژنی ٧ بەتایبەتی بۆ ئەم کارە دروست کراوە، بەو پرۆگرامە دەتوانی کەسایەتییە کارتۆنییەکان زۆر بە جوانی دروست بکەی، بە جۆرێک کە زۆر بە واقیعی ببینرێن. جگە لە دروستکردنی کەسایەتی کارتۆنی دەکرێ بۆ بیناسازی و تەنانەت بۆ پزیشکیش سوودی لێوەربگرن. لە ڤێرژنی حەوتەمدا، ئەزموونی دە ساڵەی کۆمپانیای بەرهەمهێنەری ئەو پرۆگرامە کۆکراوەتەوە تاکو ئاکامێکی باش بەدەستەوە بدات.

بۆ نموونە لە مۆدێلی زۆر ئاڵۆز سوود وەرگیراوە تاکو جۆڵەکانی دەم و تێکەڵ کردنی دەنگی کەسایەتییەکە واقیعی نیشان بدات و لەگەڵ ئەو قسانەی دەیکات یەک بگرێتەوە واتە جۆڵەی دەم و دەنگەکە هاوسەنگ بن. هەروەها رووناکی دان و پێکهێنانی سێبەر بەو پرۆگرامە زۆر واقیعین و سروشتی دێنە بەرچاو. جولەکانی وەک رۆیشتن و راکردن زۆر سروشتین. پرچ و جلی کەسایەتییەکان بە جولەکان جۆراوجۆرەکان گۆڕانیان بەسەردادێت، بۆ نموونە لەکاتی راکردندا پرچی کەسایەتییەکە بەشێوەیەکی زۆر سروشتی بەملاو بەولادا دێت. جگە لەوەش هەشتا جۆر کەسایەتیی تێدایە کە دەتوانی سوودیان لێوەربگری.



# لابردنی پاسۆردی BIOSی کۆمپیوتەر بە ئاسانترین شێوە



یەکێک لە گەورەرین گرفت کە بەکارهێنەران تووشی دەبن گرفتی لەبیرچوونەوەی پاسۆردی BIOSی کۆمپیوتەرە، چونکە بەبێ پاسۆردی BIOS ئیدی ئیمکانی کردنەوەی کۆمپیوتەر نابێ. بە زۆری بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکە زۆر جاران پاتری کاتژمێری کۆمپیوتەر کە لەسەر کۆمپیوتەرە دەردێنن، بەڵام دەرهێنانی باتری هەم گرفتی خۆی هەیە و هەم هەموو کاتێک وەڵامدەر نییە، رەنگە ئەو کۆمپیوتەرەی کە ئێوە ئەو کارەی لەسەر دەکەن کۆمپیوتەری خۆتان نەبێ. بەڵام بەو شێوازەی کە لە خوارەوە ئاماژەی پێدەکەین زۆر بە ئاسانی پاسۆردەکە بەتەواوی دەسڕێتەوە.

شایانی ئاماژە پێدانە ئەو شێوازەی سادەترین و نوێترین شێوازە. لەگەڵ ئەوەدا لەسەر گشت کۆمپیوتەرێک جێبەجێ دەبێ.

بۆ ئەم کارە: لەسەرەتادا پێویستیان بە CD یەکی BOOT هەیە، ئەو جۆرە CDیە لە هەموو شوێنێک هەیە. هەروەها خۆشتان دەتوانن بۆخۆتان فلۆپییەکی بوت دروست بکەن. جگە لەوەش ئەگەر سیستەمی DOSیش لەسەر کۆمپیوتەرتان هەیە دەتوانن سوود لەوە وەربگرن.

پاش هاتنی هێڵی فەرمان دەکرێ ئەو فرمانانە تایب بکەی:

```
DEBUG
- O 70 71
- O 71 72
- O 72 73
- Q
```

تێبینی: پاش نووسینی هەر دێڕێک فرمانی ENTER دابگرە. پاشان دێڕیی دواتر بنووسەو دوگمەی ENTER لێبدە.

ئێستا بە دڵنیاییەوە پاسۆردی BIOSبەتەواوی دەسڕێتەوە. ئێستاکە سیستەمەکەتان Reset بکەنەوە و ئیدی پاش چوونە ناوسیستەمەوە داوای پاسۆرد ناکات.